

بەختیار ئەحمەد

**سیاسەت مەدار**

زەحمەت نەبێ جەنابی سیاسەتزانی مەزن
شتێکیترمان جگە لەجەنگ بۆ
بخوڵقێنە
ئێمە تەماشامان پڕ بوو لەبینینی ئەم کوشتارگەیە
ئاخر رووحی ئێمە بەرگەی ئەو شەڕ و
ئافاتی ئینسان کوژییە ناگرێت
لەماڵەکەی ئێمەدا پەپوولە بەبۆنی گوڵەکان گیان دەسپێرێت ئێمە لەمەرگی منداڵان و ژنانی ئەم شارە
ڕامەهێنە
فێری ئەم جۆرە سیاسەتوانیەمان مەکە
گەر ئارەزوو دەکەی رووحمان لەتاراوگە بنیشێنەوە
ئەمما بەدورمان بکە لەشەر
بەدورمان بکە لەجەنگ
سەیرکە جەناب ئێستا خوێنی کوچەکانی ئێرە وشك نەبۆتەوە
وەرە لەبری خوێن بۆ پاککردنەوەی کۆلانەکانی ئێرە بارانی خۆشەویستی ببارێنین
وەرە لەبری ئەوەی رۆژانی هەینی بچین بۆ مەزارگە
با لە باغە خەیاڵاوییەکانی نیشتیماندا
سەرقاڵی چنینەوەی محبەت بین
با بەمنداڵەکانمان بڵێین دەستی میهرەبانی یەکتر بگرن
باخوێن لەزهنیاندا بسڕینەوە
بائەوان چەشنی ئێمە سەرتاپای ئەدگاریان نەبێت بەجەنگ
بائەوان خاوەنی خەونبن؛ خەون
من نامەوێت سیاسەتزان بم
سیاسەتزانی وەك تۆ بم!
دەمەوێ ئاشتیزان بم
مرۆڤ پەروەر بم
گەر ئاواش رازینی دەرمکە لەم شارە
من وام
نامەوێت وەك تۆبم ..ئاخر چیبکەم من وام
نامەوێت وەك تۆ بم.

قەڵادزێ